# بانگەوازی یەکتاپەرستی لەحەجدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( دعوة التوحيد في الحج )

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# بانگەوازی یەکتاپەرستی لەحەجدا

سوپاس و ستایش بۆ خوای تاک وتەنها ودرود وسەلاوات بۆ سەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی وهەڵگری پەیامی یەکتاپەرستی محمد المصطفى وسەرجەم هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

نوێ کردنەوەی ئەو پەیمان وبەڵێنەی کەخوای گەورە لەنەوەکانی ئادەمی وەرگرتوە کەبریتیە لەیەکتاپەرستی ویەک خواناسی لەپێشی پێشوەی شەعائرەکانی حەجی ماڵی خودایە،خوای گەورە لەدێر زەمانەوە پەیمانی لەنەوەکانی ئادەمیزاد وەرگرتوە کەجگە لەزاتی حەق تەعالای ئەو کەسی تر نەپەرستن وهیچ شتیکی تر نەکەن بەپەروەردگاری خۆیان، هەروەک فەرموویەتی : ﴿ **وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم وأشهدهم على أنفسهم ألست بربكم قالوا بلى شهدنا أن تقولوا يوم القيامة إنا كنا عن هذا غافلين** ﴾ { الأعراف : ١٧٢ } واتە: یادی ئەو کاتە بکەرەوە- ئەی موحەممەد -کەپەروەردگارت پشت وپشتی نەوەکانی ئادەمی کۆکردەوە( لەجیهانی غەیب وپەنهان وشارەوەدا پەیمانی لێوەرگرتن ) وکردنی بەشاهید بەسەر خۆیانەوە و پێی فەرموون : ئایا من پەروەردگاری ئێوەنیم ؟ هەموو ووتیان : بەڵێ شاهیدیمان داوە کەتۆ پەروەردگارمانیت ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو لەڕۆژی قیامەتدا بڵێن : بەڕاستی ئێمە لەمە بێ ئاگا بووین .

ئاشکرایە نیوەی زیاتر لەتەمەنی بانگەوازی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو، ئەویش لەپێناو جێگیر بوونی یەکتاپەرستی لەدڵ دەروونی باوەڕداران و ئاڕاستەکردنیان بەرەو پەرستنی خوای گەورە، وئامادەکردنیان بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام وبەرپاکردنیان بەهەموو دڵ فراوانی وپێخۆش

بوونێک ئەویش لەبەر بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاریان بەهەر نرخ وقیمەتێک بووبێت، چونکە باوەڕداران بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردەگاریان لەهەموو شتیکی تر بەلاوە گرنگترە، ئەنجامدان وبەجێهێنانی فەریزەی حەجیش هەر لەیەکەم هەنگاویەوە هەتا کۆتا هەنگاوی یەکپارچەیە لەیەکتاپەرستی، چونکە مل کەچ بوون لەبەردەم فەرمانەکانی خوای گەورە وتەسلیم بوون پێیان لووتکەی هەرەبەرزی یەکتاپەرستی یە، هەر بۆیە دەبینین ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەهەموو پارچەیەکی ئەم سەر زەمینەوە ڕوو دەکەنە خاکی مەککەی پیرۆز ومەدینەی منەوەرە، لەگەڵ ئارامگرتن لەسەر ئەو هەمووە نارەحەتی وماندوو بوونە، بەئومێد وهیوای ئەوەی خوای گەورە لێیان خـــۆش بێت وبکەونە بەر ئەو بەڵێنەی کـــەپێغەمبەری خـــوا ( دردوی لەسەر بێت )داویەتی بەباوەڕداران کە دەفەرموێت : ( من حج ولم یفسق و لم یرفث رجع کیوم ولدته أمه ) واتە: هەرکەس حەجی ماڵی خودا بکات، بەو مەرجەی دوور بکەوێتەوە لەقسەی پڕوپوچ وبێ هوودە وتاوان ئەوە خوای گەورە– لەگوناهەکانی خۆش دەبیت– وەک ئەو ڕۆژەی لێدێتەوەکەلەدایک بووە.

ئەم پاداشتە گەورەیەش کە خوای گەورە ئامادەی کردوە بۆ حاجیانی ماڵە پیرۆزەکەی لەبەر ئەوەیە کەحەج کردن یەکێکە لەئەرکان وپایەکانی ئیسلام ونوێ کردنەوەی پەیمان وبەڵێنی یەکتاپەرستیە لەگەڵ پەروەردگاردا، چونکە حەج کردن بەجێ هێنانی شەعائرەکانی بریتیە لەدووبارە کردنەوەی پەرستنی یەک خالق و یەک پەروەردگار و یەک پەرستراو ویەک حاکم وڕەدکردنەوەی هەموو پەرستراوێکی ترە جگە لە لەزاتی پیرۆزی ( الله ) بەمەش باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوە حاڵی دەبێت مرۆڤ لەدونیادا کاری سەرەکی وراستەقینەی بیریتە لەپەرستنی پەروەردگاری بەتاک و تەنها و دوور کەوتنەوە لەهەر شتێکی تر کەناوی درۆێنەی خودای لێنرا بێت .

مل کەچ بوون و ڕازی بوون بەفەرمانی خوای گەورە بەوەی کەفەرمانی کردوە بەباوەڕداران لەتەمەنیاندا یەک جار حەجی ماڵەکەی ئەنجام بدەن، هاتن بەدەم ئەم بانگەوازەی پەروەردگارەوە بنچینەی ئەو یەکتاپەرستیەیە کەباوەڕدارانی پێ گەردنگیر کراوە، هەر بۆیە

دەبینین باوەڕداران هەر لەسەرەتاوە بەکلیلی یەکتاپەرستی دەست دەکەن بەئەنجامدانی حەجەکەیان، ئەویش کاتێک کەئیحرام دەبەستن لەمیقات و خۆ دادەماڵن لەجل وبەرگ، باوەڕداران بەو نیەتە دەست دەکەن بەحەجەکەیان کــــەدەڵێن ( لبیک اللهم حجا وعمرة ) واتە: ئەی خوای گەورە ئەوە هاتم بەدەم بانگەوازەکەی تۆ وەونیەتم هەیە حەج وعومرە لەبەر رەزامەندی تۆ ئەنجام دەدەم، یان دەڵێت : ( لبیک اللهم حجا ) ئەگەر نیەتی تەنها بەحەج بەستبێت، جا ئەگەر باوەڕدار لەواتا و مانای ئەم ووشانە وورد ببێتەوە بۆی دەسەلمێت لەبەر چی پاداشتی حەج کردن هێندە گەورەیە، چونکە لەو ساتەوە شتانیکی زۆر لەخۆی حەرام دەکات لەبەر ڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزە وەک لەبەرکردنی جل وبەرگ وبۆنی خۆش لەخۆدان ونینۆک وموو لەخۆ کردنەوە ودورکەوتنەوە لەتاوان وقسەی گاڵتەو گەپ وبێ هوودەو کۆبونەوە وجووت بوون لەگەڵ خێزان وڕاوکردن و داربڕین وکۆمەڵێک شتی تریش، هەموو ئەمانە بریتین لەبەگەورەگرتنی فەرمانەکانی پەروەردگار وەک دەفەرموێت : ( **وَمَنْ يُعَظِم شَعائرَ اللّهِ فإنَّها مِنْ تَقوى القلُوب** ) { الحج : ٣٢ } واتە: هەرکەسێک دروشم وفەرمانەکانی خوای گەورە بەگەورە بگرێت ئەوە نیشانەی پارێزکاری ولەخواترسانی دڵەکانە.

لەپاش ئەوەی کەئیحرامیشی بەست سوننەتە کەذکرە بەناوبانگەکەی وەرزی حەج هەتاوەکو دەست پێکردنی تەواف زۆر بڵێتەوە کەئەویش بریتیە لەناوکرۆک و ناوەڕۆکی یەکاتپەرستی ( لبیک اللهم لبیک لبیک لاشریک لک لبیک إن الحمد والنعمة لک والملک لاشریک لک ) واتە ئەی پەروەردگار هاتم بەدەم بانگەکەی تۆوە، ئەو بانگەی کەبریتیە لەوەی کە تۆ تاک وتەنهایت و هیچ شەریک وهاوەڵت نیە، هەموو سوپاس و نیعمەت ومولکێک هەر هی تۆیە وبۆ تۆیە، وەهیچ شەریک وهاوەڵێکیشت نیە.

پاشان ڕوودەکاتە کەعبەی پیرۆز ودەست دەکات بەتەواف کردن بەدەوریدا وپاشتریش سەعی نێوان صەفا و مەروە، کەڕۆح وڕوکنی گەورەی حەج و عومرەکەیەتی ئەوەوە بیر باوەڕدار دەهێنێتەوە کەساڵانێکی زۆر وپێش فەتح کردنی شاری مەککەی پیرۆز لەساڵی هەشتی کۆچیدا ئەم ماڵەی خوای گەورە تەژی وپڕبوو لە بتە گەورەکانی قوڕەیش وسەردەمی نەفامی بت

پەرستان، بەڵام پاش ئەو مێژووە پێغەمبەری خوا وهاوەڵە بەڕێزەکانی توانیان ڕوگەی باوەڕداران بۆ هەتا هەتایە لەشیرک وبت پەرستی پاک بکەنەوە، وبانگی یەکتاپەرستی بەگوێی جیهاندا بچڕن، بەڵی حاجیان ماڵی خودا بەڕوگە( قبلة ) ی ڕەمزی یەکتاپەرستیان شاد دەبن، ئەو ڕوگەیەی بەدرێژای تەمەنی تا ئەو ساتە ڕۆژی پێنج جار وزیاتریش لەنوێژەکانیاندا ڕووی تێدەکەن، بەم سەفەرە پڕ لەبەرەکەتەیان جارێکی تر پەیمانی یەکتاپەرستی لەگەڵ پەروەردگاریاندا نوێ دەکەنەوە .

جا لەبەر ئەوە حاجیانی ماڵی خودا میوانە بەڕێزەکانی یەکتاپەرستی : ووریای خۆت بیت نەکەیت لەکاتی بەجێ هێنانی ئەم ڕوکنە گەورەیەی ئیسلامدا لەغەیری خوای گەورە بپاڕێیتەوە! نەکەیت هاوار لەغەیری ئەو بکەیت! نەکەیت هەندی زیادەکراو وبدعە وداهێنراو بخیتە نێو حەجەکەتەوە، چونکە ئەوە بزانە تۆ هاتوویت پەیمانی یەکتاپەرستی لەگەڵ پەروەردگارتا نوێ بکەیتەوە، هەر بۆیە دەبینین لەتەواوی ئەو ذکر و ووردانەی کەلەحەجدا دەکرێت تەنها بۆ جارێکیش ناوی پێغەمبەری خودا ( درودی لەسەر بیت ) نەکراوە بەهاوناوی پەروەردگار. هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر ( دردوی خوای لەسەر بیت ) ئەفەرموێت : ( خير الدعاء دعاء يوم عرفة، وخير ماقلت أنا والنبيون من قبلي: لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير ) واتە : چاکترین وباشترین دوعایەک دوعاي ڕۆژی عەرەفەیە، باشترین نزایەکیش من وپێغەمبەرانی پێش منیش ووتبیێتمان ئەمەیە ( لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير ) هیــچ پەرستراوێکی بەهـــەق نیە، جگەلەزاتی حەق تەعــالای ( الله )کەخوایەکی تاک وتەنهایە وهیچ شەریک وهاوەڵێکی نیە، هەموو موڵک وسوپاس گوزاریەکیش هەر بۆ ئەوە، وەهەر ئەویش بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا .

سەرنج بدە ئەم ذکرە باشترین ذکرێکە کەتەوای پێغەمبەران ووتبێتیان، پێغەمبەری ئیسلامیش محمد المصطفى لەڕۆژی عەرەفەدا زیاتر ئەم ذکرەی وتوەتەوە کەسەرتاپای ئەم ذکرە

بریتیە لە مل کەچی وتەسلیم بوونی تەواو وتەنها بۆ خوای گەورە و رەدکردنەوەی هەموو پەرستنێکیش بۆ غەیری پەروەردگاری بالادەست .

لەپاش هاتنەوە لەعەرەفەش پەروەردگار رێنومایی حاجیانی ماڵە پیرۆزەکەی دەکات و دەفەرموێت :{ **إِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّآلِّينَ** ) { البقرة : ١٩٨ } واتە : جا هەرکاتیک لەعەرەفات دابەزین و گەڕانەوە، یادی و ذکری خودا بکەن لەلای ( المشعر الحرام کە کێوێکە لەداوێنی موزدەلیفە) ویاد وذکریشی بکەن لەبەرامبەر ئەوەی هیدایەت داون ورێنمونی کردون بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەئاینی یەکتاپەرستیە، چونکە بەڕاستی ئێوە پێش ئەم ئاین ورێنومایيە سەرگەردان وگومڕابوون .

بەڵێ یاد وذکری خودا بەتەنها، یاد وذکر وسوپاسی پەروەردگار لەبەرامبەر ئەوەی خوای گەورە باوەڕدارانی ڕزگار کرد لەتاریکی وگومڕایی وسەرگەردانی بت پەرستیەوە بۆ ڕووناکی و نووری یەکاتپەرستی ویەکخواناسی .

خۆشەویستان یەکێکی تر لەدروشمەکانی حەجی ماڵی خودا سەربڕینی ئاژەڵ وخوێن ڕشتن وقوربانی کردنە بۆ خوای گەورە،کەبەهیچ شێوەیەک دروست نیە بۆ غەیری خودا ئەنجام بدرێت، ئەمەش جێ بەجێکردنی ئەو پەیمانەیە کەباوەڕدار وموسڵمانان ڕۆژی پێنج جار لەکاتی دەست پێکردنی نوێژەکانیاندا دەیڵێنەوە( **إن صَلَاتي وَنُسكي وَمَحيَايَ ومَمَاتي للهِ رَبِّ العَالَمين، لاشَريكَ له وَبِذلِكَ أمرتُ وأنا منَ المُسلِمين** ) واتە: نوێژ وقوربانی وسەربڕین وژیان ومردنم هەر هەمووی بۆ پەروەردگاری بالادەستی جیهانە، کەهیچ شەریک وهاوەڵی نیە، وەمن بەوە فەرمانم پێدراوە وەمن یەکێکم لە موسڵمانان .

نەک هەر ئەوەندە سەربڕینی ئاژەڵ وقوربانی کردن بۆ غەیری پەروەردگار باوەڕداری پێ لەئاین دەردەچێت، چونکە هەموو ئەوانە سنورێکن نابێت ببەزێنرێن وبەزاندنیان باوەردار دەخاتە مەهلەکەو تیاچونەوە( خوا پەنامان بدات ) .

لەپاش هاتنەوە لەموزدەلیفە حاجیان بەذکر ویادی خوداوە ڕودەکەنە بەجێهنانی واجبێکی تری حەجەکەیان ئەویش بریتی لەڕەمی جەمەرات و هاوێشتنی بەردەکان بۆ ئەو جەمرانەی کەڕەمزی سەرپێچی ویاخی بوونی شەیتانی نەفرین لێکراون، بەمەش حاجیان زیاتر پێداگری لەسەر یەکاتپەرستی دەکەنەوە بەوەی لەگەڵ هەموو هاوێشتنی بەردێکدا الله أكبر دەکەن وئەو جەمەرانەی کەووتمان ڕەمزی سەرپێچی شەیتانن بەبەردەکانی دەستیان ڕەجم دەکەن وسەرپێچی پەروەردگاریان ڕەد دەکەنەوە.

لەپاش ئەوەش کەهەرسێ ڕۆژەکەی جەژن حاجیان لە( مونی ) مانەوە جارێکی تر دەچنەوە بۆ بەجێهێنانی تەوافی ( إفاضة ) کەئەمەش ڕوکنی حەجەو دوپاتکردنەوەی پەیامی یەکتاپەرستیە بۆ پەروەردگار .

لەکۆتای هەموو ئەم کارانەوەش پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ **إِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْراً** ﴾ { البقرة : ٢٠٠ } واتە: هەرکاتێک لێبوونەوە لەمەناسک و کار وفەرمانەکانی حەج ئەو کاتە جارێکی تر یاد وذکری خودا بکەنەوە- بەوەی پەیمانی یەکتاپەرستیەکەتان لەگەڵ خودادا توند وتۆڵ بکەنەوە- زۆر لەو یاد وذکرەی کەلەسەردەمی نەفامیدا بۆ باوباپیرانتان دەتانکردەوە.

بەم شێوەیە بۆمان ڕون بویەوە حەجی ماڵی خودا هەر لەسەرەتاوە تا کۆتای هاتنی بریتیە لەووتنەوەو ئەنجامدانی ئەو کار وفەرمانانەی کەپەیمانی یەکتاپەرستی پێ نوی دەکرێتەوە، جا بۆیە حاجیانی ماڵی خودا میوانە خۆشەویستەکانی پەروەردگار ووریابن ئەگەر پێشتریش شتێکتان کردوە یان ووتوە بۆنی شیرک و هاوەڵ پەیداکردنی لێهاتوە لەپاش ئەم سەفەرە پیرۆزە تەوبەی لێ بکەن وداوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکەن چونکە هەموو گوناهێک لای خوای گەورە شایانی لێخۆش بوون ولێبوردنە ئەگەر بیەوێت تەنها شیرک وهاوەڵ پەیداکردن نەبێت، کەهەموو کارێکی پاش وحەسەناتێک دەسڕێتەوە وخاوەنەکەی بەهەتا هەتایی ڕۆدەکات بەنیو ئاگری جەهەنمدا، وەک دەفەرموێت : ﴿ **إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ**

**بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً** ) { النساء : ١١٦ } واته: بێگومان وبەڕاستی خوای گەورە هەرگیز خۆش نابێت لەوە هاوەڵ وشەریکی بۆ بڕیار بدرێت، بەڵام جگە لەگوناهـ وتاوانی شەریک بڕیاردان خوای گەورە خۆش دەبێت لەهەرکەسێک کەخۆی بیەوێت، وەهەرکەسیش هاوەڵ وشەریک بۆ خودا بڕیار بدات، بەڕاستی بەگومڕایەکی زۆر گەورە گومڕابووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو خوای گەورە بەخۆشەویسترین کەسیشی لەبەندەکانی کە محمد المصطفی یە دەفەرموێت : ( **وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ** ) واتە: سوێند بێت نیگا و وەحی کراوە بۆ تۆ ئەی محمد، وەبۆ پێغەمبەرانی پێش تۆش بەوەی ئەگەر شەریک وهاوەڵ بۆ خودا بڕیار بدەیت ئەوا بێگومان کار وکردەوەکانت هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە ودەشچیتەڕیزی خەسارۆمەندانەوە.

جا ئەی برای خۆشەویستم میوانی خانەی خودا لەکاتێکدا ئەوە بڕیاری خوای گەورە بێت بەرامبەر بەپێغەمبەری سەروەرمان ( درودی خوای لەسەر بێت ) تۆش نەکەیت حەجەکەت بەتاڵ بکەیتەوە بەکاروکردەوەیەک کەئیسلام وزانایانی ئەم ئاینە پیرۆزە بەشیرکیان داناوە بەتایبەت کاتێک دەچیتە شاری مەدینەی پیرۆز وبەدیداری حەرەمی مزگەوتی پێغەمبەر ( دردوی خوای لەسەر بێت ) شاد دەبیت و زیارەتی گۆڕی رەسول الله و خەلیفەکان وهاوەڵانی دەکەیت، بزانە تەنها ئەوە وارد بووە لەسەلەفی صالحی ئەم ئومەتەوە کەسەلامیان لێ بکەیت، نەک بچیت لێیان بپاڕێیتەوەو داوای ڕزق ورۆزی وبەرەکەت و منداڵ بوون و منداڵ بەخشینیان لێ بکەیت، چونکە ئەو کارانە دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی حەج وسەرجەم کاروکردەوە باشەکانی تریشت . جا ووریابە ئەگەر بیروباوەرت لەپێشتر شتێکی لەو شێوەیەی لەخۆ گرتوە لەم سەفەرەدا تەوبەی لێ بکە وپەیمان بدە کەتەنها وتەنها لەخوای گەورە بپاڕێیتەوە وداوای ڕزق ڕۆزی وبەرەکەت ولێخۆش بوون ولەش ساغی وسەلامەتی وهەمووی شتێکی تر لەئەو بکەیت ، چونکە هەموو ئەوانە بەتایبەت مەندیەکانی پەروەردگارن وسنوور و قەدەغکراوی ئەون وبەزاندنیان خەسارۆمەندی قیامەت وهەتا هەتای بەشوێنەوەیە.

ئەی پەروەردگار لەتۆ دەپاڕێینەوە لەهەموو لایەکمان خۆش بیت ولەموەحید ویەکتاپەرستانمان بگێریت، و ئەگەر تا ئێستاش کارێکمان کردوە وهەستمان نەکردوە کەبۆنی شیرک وهاوەڵ پەیداکردنی لێهاتبێت لێمان خۆش بەو لەدوارۆژیشدا لەگەڵ پێغەمبەران وڕاستگۆیان وپیاوچاکان وشەهیدەکاندا حەشرمان بکە وهەر لەگەڵ ئەوانیش بمانخەرە بەهەشتە پان وبەرینەکەی خۆتەوە( آمین یا رب العالمین ) .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته